


سەباح ڕەنجدەر

# دوو شیعری هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران

ئەی شاعیری یاخی با لای تۆ بن چونکە تێگەیشتم لە ئێمە زیاتر شیعری جوان و ڕاستەقینەت خۆشتر دەوێت



هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران

## سروشتێکی وشک

١

لەگۆشەی زیندانێکەوە
کوردستان باوەشێ گڕە و
ژیان زستانێکی ساردە
ئەی هاوڕێکەم
باوەش بەو گڕەدا بکە و ژیانت ئاگر تێ بەردە

٢

لە شەوێکدا وەک دەروونی نەهەنگ بەسام
من دەزانم لەم شەوەدا چیت پێ دەکەن
من دەزانم لەو شەوەدا
دوای پەست بوونیان لە ژەهری ڕق و تووڕەبوون
چۆن هارانە
شووشەی بەتاڵی ژەهراوی

له چاوەکانتدا دەشکێنن
ئاگری جگەرەی دەستیان لەسەر سینگت دەکوژێننەوە

٣

له شەوێکدا وەک دەروونی نەهەنگ بەسام
تۆ بێ دەنگی و دانت بەخۆتدا گرتووە
ئارام بوومەتە ڕووبارێک و خوێن بۆ لەش و دڵت دێنێ
دانپیانانت تاوانێکە
لای پێغەمبەر هاوتا بۆ خودا پەیدا دەکات
لەم شەوەدا
بروات بوومەتە گەرداوێکی دەریای تووڕە
کەشتیی خەونی گەورەکانیان تێکدەشکێنێ

٤

ئێستا دیوار
سووچی تاریک
وێنەی گەشی ڕووی هێرۆیە
بۆنی نسێ و میز و دووکەڵ
بۆنی کەزییەکانی ئەوە
ئێستا چپە و دەنگی نەرمی مۆسیقایی
تۆیەڵ
تۆیەڵ
وشەی جوێنە
تۆیەڵ
تۆیەڵ
وشەی خوێنە
له ڕووت دەسوون
له ناخی دڵەکەت دەدەن
جوێن




له دەمی خۆیان پیستر
جوێن
له کردەوەکانیان زۆر بەدتر

٥

له شەوێکدا وەک دەروونی نەهەنگ بەسام
من دەزانم چاوەکانت
دوو مۆمن و له زیندانەکەت دەسووتێن
زیندان بووەتە چراخان و
شانۆی سەمای مەرگی کوردێ
پێشکەش دەکات
بەڵام گیانه
تۆ لەوانه گەورەتری
تۆ نەمری
تۆ باوەشێ کڵپه و بڵێسەی ئاگری

حوزەیران و تشرینی یەکەمی ١٩٨٠ سلێمانی

## ئەسپە ڕەش




١

ئەو ژوورەی که ئەمی تیابوو
وەک گۆڕ تەنگ بوو
گەوەڕ ئاسا
تاریک
بۆگەن
نیمچه زۆنگاوێکی مەنگ بوو
ئەوانی دی له گۆڕێکی گەورەتردا
شەودا دەهات
جەژن بوایه

لافاو بوایە
هەموو شەوێ
کۆمەڵ
کۆمەڵ
گۆڕەوشاری مەرگ دەدران

٢

ئێستا لێرە
غوربەت بایەکی بەهێزە
ڕەشماڵی کارەساتەکان لە بێخەوە دەردەهێنێ
ئەو ژوورەی کە ئەمی تیایە
پیاوێکی گەورە و سمێڵ زل
دانیشتووە
دڵپڕ حەسرەت
بەکوڵ دەگری
دەگری بۆ نان
بۆ ئازادی
بۆ باوەشی گەرمی ئافرەت



٣

ئەو ژوورەی کە ئەمی تیابوو
گۆڕێک بوو لە بیاباندا گۆڕێکی کۆن
گەلێ جاریش تەمی برسێتی وای دەکرد
بەرچاوانی تاریک ببێ
لەبەر هەناسەی زریاندا پشوو بدات
نانی خۆشتربوێت لە خۆر

٤

شەوێکیان نووست
خەونی بینی

**ئەسپێکی ڕەش**
**چوار پەلی سپی**
**وەک هەورێک تێر**
**بەئاسمانی وان و ورمێ و زرێبار و سیروانەوە**
**دابوویە غار**
**بەرەو چیا سەرکەشەکان**

**٥**

**بێدار بووەوە**
**لە دەلاقەی ژوورەکەیەوە کە ڕوانی**
**خۆر لە ئاسماندا دەسووتا**
**ئەسپەڕەش لەو پێدەشتەدا**
**چەپۆکانی دەکرد بەتاو**
**ئەسپەڕەش دیارە چاوەڕێی**
**شۆڕە سوارێکی بەجەرگە**
**بەسەرپشتی هەڵیگرێ**
**بەغار بفڕن بەرەو هەتاو**

تشرینی دووەمی ١٩٨٣ هەولێر

## تێبینی یادێک

لە هەشتاکاندا لە یەک لە دانیشتنەکانی یانەی مامۆستایانی هەولێر لە نێوان: (کامەران موکری، هیدایەت عەبدوڵڵا حەیران، من) گفتوگۆ دەربارەی شیعر گەرم و زۆر لە دڵەوە بوو. هەردووکیان باری سەرنجیان تا ڕادەیەک لەگەڵ مندا ناکۆک و ئاڕاستەیان جیاواز بوو. بەوەی کەمن بەشێوازی تەمومژاوی و ئاڵۆز دەنووسم و ئەو جۆرە شیعرەش بەشیعری بێگەرد دەزانم و کۆششی لە پێناودا دەخەمەگەڕ، گرانایی گفتوگۆیەکەش لەسەر ئەم ئاست و خاڵەدا ڕادەگرم کە هێما و شێواز لە شیعردا گرینگە، نەک بیر و مانا و دەربڕینی سۆزی بەجۆش لە مەودای جیا جیای سیاسید، هەروەها جووڵەی وشە تێکەڵ بەیەکتری دەبن و مۆسیقا پێکدەهێنن، نەک، مۆسیقا لە کێش و سەرواو بڕگەوە ببیندرێت. (کامەران موکری) بەرهەمی (جەمال شارباژێڕی) زۆر پەسند دەکرد و بەلایەوە گرینگ بوو. بەوەی کە

نوێکردنەوەی لە شیعری نەوەی دوای ئەوانەوە کردووە و بووەتە جێگای شانازی و متمانەی نەوەی ئەوان. ئەو جۆرە نوێکردنەوەیەی قبووڵ بوو کە کۆمەڵێک ڕەگەز و توخمی هاوبەش و هەستپێکراو لە نێوان هەردوو نەوەدا کاری پێ بکرێت و دابڕانی تەواو دروست نەبێت. واتە هەموو نەوەیەک دەستەمۆ و گوێڕایەڵی نەوەی پێشەخۆی بێت و لەسەر هێڵی ئەوانەوە بنیادی هونەرکاری و شیعرییەتی خۆی بنێت. قبووڵ کردنی ئەم بۆچوونەش بەلای شاعیری نوێبەخشەوە مەحاڵە. هەر شاعیرێکیش بەجۆرێک لە جۆرەکان دەستەمۆ و گوێڕایەڵی نەوەی پێشەخۆی بێت بەدڵنیاییەوە شاعیرێکی دەست و پێ سپی و هونەرکوێرە.

شاعیری نوێبەخش پێویستە هەمیشە سەرکێشییەکی لەبار و هاوسەنگ بەسەرنەوەی پێشە خۆیەوە بکات و هونەری لێ زیادبوونی خۆی پێشکێش بکات. (هیدایەت عەبدوڵلا حەیران)یش بۆچوونی خۆی دەبردەوە سەر هەمان بۆچوونی (کامەران موکری) و پشتگیری لێ دەکرد. ئەم دوو شیعرەی خۆیشی خوێندەوە. پاشان دای بەمن و گوتی: (ئەی شاعیری یاخی با لای تۆ بن چونکە تێگەیشتم لە ئێمە زیاتر شیعری جوان و ڕاستەقینەت خۆشتر دەوێت). لە سەرەتای ئەمساڵ کۆ شیعری (دووریت هەورێکە لە باریندایە)ی بۆ ناردم، بەدەست و خەتی خۆی گەورەیی نواندبوو، نووسیبووی : (پێشکەشە بە: برای شاعیرم سەباح ڕەنجدەری نوێخواز لەگەڵ ڕێزمدا ۲۰۰۸/۱/۲۰ سلێمانی).

بەتاسەوە کۆ شیعرەکەم خوێندەوە. ئەم دوو شیعرەی کە لای من پارێزرابوون لە کتێبەکەیدا نەبوون. منیش وەک ئەمەک و وەفا بڵاوی دەکەمەوە بۆ ئەوەی ئەگەر سەرجەم شیعرەکانی کۆکرایەوە، بەڵکو ئەم دوو شیعرەشی تێ بکەوێت. لە کاتێکیشدا نازانم ئەو دوو شیعرەی لە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکدا بڵاوکردووەتەوە، یان نا.

ئەمڕۆ چل ڕۆژ و شەو بەسەر کۆچی ناوادەت هەڵاتن و ئاوابوون. وزە و بەرهەمی خۆیان بەخشیوکار و چالاکی و فەرمانی خۆیان بەجێهێنا. یادت بەخێر و سڵاو و درووود لە برادەر و ئەمەکی برادەرایەتی ئەی برادەری بیست و ئەوەندە ساڵەم. دەرچوونی ئێجگار زووت لە ماڵی شیعردا سفتوسۆی خستە دڵم و کزەی لە جەرگمەوە هەستاند. لەوەش بەئاگام هەمووومان شیرمژی سەرچاوەی شیعر و مردنین. ئەرێ مردن پیتەکانت لە چیدا داڕێژراون. شایەتمانی ئەشقت هێناوە، یان نا. شیعر جۆرێک سووڕانەوەیە بەدەوروبەری لە دایکبوون، لە دایک ببەوە ئەی برادەر مۆمێک لەسەر کتێبخانە خامۆشەکەت دادەنێین و دنیا دەبینین. چاو لەسەر مۆمەکە لامەدە، هەوری دوورییەکان هەموویان دەبارن.

۲۰۰۸/۷/۱٦ هەولێر